# بەرز و بەرێز بێت سی و هەشتەمین ساڵیادی ڕەستاخیزی مەزنی سیاکەڵ و
# دەسپێکردنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران
# دامەزراندنی ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران

سی و هەشت ساڵ بە سەر دەس پێکردنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی و شەڕی چەکدارانەی شۆڕشگێرانە تێدەپەڕێ . شەڕێک کە بووە خالێکی گرێنگ لە خەباتی چینایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران و ئەزموونێکی پیرۆز لە بەردەم ڕێگای خەباتی سەرجەم گەلانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست ، خەباتی گەل بە دژی ئیمپریالیزم و حکومەتە بەکرێگیراوەکانی لە سەرانسەری ناوچەکە . سنوورێک بوو لە گەڵ هەرچەشنە تەسلیم خوازی عافیەت تەلەبانەی ریفۆرمیستی و رویزیونیستی حیزبی سازشکاری توودە و ئەحزابی بەرادەر . بە دژی تەحریفی مارکسیزم _ لینینیزمی شۆڕشگێرانە و تیئوری ڕێگا و پەرەساندنی غەیری سەرمایەداری کە حیزبە سات و سەوداگەرەکان بوونە ئالاهەڵگری ئەو دروشمە . لە کاتێک چریکی فیدایی گەل دەستی دایە چەک و سەرفەسلێکی نوێی لە خەباتی چینایەتی گەلانی چەوساوە کردەوە کە فەزای ترس و نائومیدی و خەفەخان بە سەر کۆمەڵگای ئێران حاکیم بوو و دیکتاتوری شا پەنجەی بە سەر هەموو شئوناتی ژیانی خەڵکی چەوساوە لە شوێنی کار و ژیانیان داکیشا بوو . چریکی فیدایی بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتی شۆڕشگێرانەی خۆی وەک عنصری مارکسیست _ لینینیستی شۆڕشگێر پیویست بوو تەبلیغی بیروبۆچوونی خۆی بباتە ناو خەڵك و پەیوەندی بگرێتە خەباتی ڕۆژانەی خەڵکەوە و لە فەزای سەرکوت و خەفەخانی دیکتاتوری شا و ماشینی سەرکوتی ئەودا سیاسەتی چریکی فیدایی تەنیا دەتوانی لە لوولەی چەکەکانیوە وەدەر بێت و موژدەی سروودی سەرکەوتن بداتە خەڵك . لە جەنگەلەوە تاکو گوند و شار و کارخانە و قوتابخانە و زانکۆکان ناوی چریکی فیدایی وە بیرهێنەری خەباتی سەرسەختانە و تا پێ گیانی خەڵکی ئەسیر لە زنجیری پەیوەندیەکانی نابەرابەری کار و سەرمایە بوو ز ئالایەك کە لە سیاکەلەوە لە لایەن هاورێانی فیدایی بەرز کرایەوە هەروا و پاش دەیان ساڵ شەکاوەیە ز ئارمانەکانی هەروەها زیندوو ماوەتەوزە و چرای ڕێگای ملیونەها خەباتگێری تینوی ئازادی و یەکسانیە .

لە یادی ٣٨ ە مین ساڵیادی ڕەستاخیزی مەزنی سیاکەڵ شکاوە بێت ئالای خەباتی قەهر ئامیز و بێ وەچانی چینایەتی خەڵکی چەوساوە . ئەزموونی ڕەستاخیزی سیاکەڵ تاکو ڕاپەرینی مەزنی ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ فێرمانی کردووە کە حکومەتی سەراپێ سەرکوت و ستەمی کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە ڕێگای مانگرتنی سەرانسەری و خەباتی چەکدارانەی گشتی دەرووخێ و پیویستە عنصری شۆڕشگێری چەپیش بۆ گەیشتن بە ئیستراتیژی شۆڕشگێرانەی خۆی تاکتیکی کاریگەر بۆ تەبلیغی و تەرویجی ئەندیشەی شۆڕشگێرانەی و پەیوەندی لە گەڵ خەباتی ڕۆژانەی خەڵکی ستەم لێکراو و چەوساوە بە کار بهێنێ .

## شەکاوە بێت ئالای سووری ڕەستاخیزی مەزنی سیاکەڵ

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی**

**دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران !**

**ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست**
**کومیتەی ئەیالەتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٨٦**

---


ناونیشانی پوستی ئەلکترونی کزمیتەی کوردستان kurdistsn@fedayi.org

پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو IFK/Box ١٠٠٦٣/ S-٤٠٠ ٧٠ Gotenburg /Sweden Fax : + (٤٦ ) ٣١٧٧٩٢٥٧١

E-mail: webmaster@fedayi.org Homepage : www.fedayi.org